# دوالیزمی چەمکە عیرفانییەکان لە شیعرە کوردییەکانی (مەحوی)دا

مەریوان حسێن فەرحان[١] - ئاوات نادر عبدالکریم[٢]

[٢+١]بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی چەرمو، چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان، عێراق،

## پوختە:

دوالیزم بریتییە لە جیاوازی نێوان دژەکان یاخود دو شت کە لە پێکهێنانیدا جیاوازی و دژبەیەک دروست دەکەن، دوالیزم بە یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی شیعرە عیرفانییەکانی مەحوی دادەنرێت، ئەمەش لەپای ئەزمون و دەرکەوتە قوڵەکانی گەشتە دەروونییەکانی ئەم عاریفەیە لە دنیای مادییەتەوە بەرەو گەیشتن بە حەقیقەت، لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی بنەما دوالیزمی و پارادۆکسییەکانی مەحوی خوێنەر دەگات بە حەقیقەتە عیرفانییە پراکتییەکانی ئەم عاریفە، ئامانجی توێژینەوەکە گەیشتنە بە ئەنجامێکی ڕاست و دروست لەبارەی سەلماندنی بیری عیرفانی و خستنەڕوی پایەبڵندی قوتابخانەی عیرفانیی مەحوی و تیشکخستنە سەر لایەنە مەعریفی و جیهانبینییەکانی مەحوی لە ڕوانگەی دوالیزمیی عیرفانییەوە، پاشانیش دەرخستنی توانا و بەرزی ئاستی زمانی دەقی شیعریی مەحوی لە ڕوانگەی ئەو وێنە هونەرییانەی کە لە دەقە شیعرییەکاندا بەشێوەیەکی گشتی و ئیستێتیکی دوالیزمی بەتایبەتی لە شیعرەکانیدا بەرهەمیهێناون، ئەوەی جێگای پرسیار و تێڕامانە بۆ توێژەران ئەوەیە کە دیارترین دوالیزمە بەکارهاتوەکان لە شیعری مەحویدا چین؟ میتۆدی بەکارهاتو لەم باسەدا میتۆدی (پەسنی_ شیکاری)یە، بەپێشت بەستن بە داتا بەکارهاتوەکان لەم توێژینەوەیەدا.

**کلیلە وشەکان:** شیعرە کوردییەکانی مەحوی، دوالیزمی عیرفانی، زمانی عیرفان، هونەرەکانی ڕەوانبێژی.

## Article Info:

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(2).Paper7
**Received:** 21-June-2022
**Accepted:** 27-July-2022
**Published:** 29-June-2023

**Corresponding Author's E-mail:**
marewan.husen@charmouniversity.org
awat.nadir@charmouniversity.org

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## ١. پێشەکی:

"دوالیزمی چەمکە عیرفانییەکان لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا" ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەیە، کە هەوڵدەدا بە شێوەیەکی زانستی چەمکە عیرفانی و دوالیزمە عیرفانییەکان لە شیعرە کوردییەکانی مەحوی بخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، هەروەها ئامانج لەم توێژینەوە زیاتر ئەوەیە چارەسەری ئەو لێلییە واتاییانە بکرێت کە لە بیری وەرگردا دروست دەبێت، بەهۆی دوالیزم و دوالیزمی عیرفانی لە شیعرەکانی مەحویدا دوالیزم لە زۆربەی ڕەوت و بیرکردنەوە ئایینی و فەلسەفەییەکاندا هەیە و ئەو چەمکانە دەگرێتەوە کە دژبەیەکن و یەکێکیشە لە تایبەتمەندییەکانی زمان و لە هەمان کاتیشدا کەرەستەیەکی گرنگی زمانی شاعیرانە، زمانی عیرفانیش زمانێکی ڕەمز ئامێزە و دیوێکی قوڵ و شاراوەی هەیە و پڕە لە مانای مانادار، هەندێک حاڵەت و ئەزمون و کەشی ڕۆحییش هەیە ناتوانرێت هەروا بەئاسانی گوزارشتی لێ بکرێت و دەرببڕێت، بۆیە بەناچاری پەنا بۆ ئەم جۆرە لە زمان دەبرێت.

غەزەلە عیرفانییەکانی مەحوی ئاوێنەی دەرکەوتەی پارادۆکسە عیرفانییەکانە، مەحوی عاریفێکە ئەو پارادۆکسانەی بە چاوی خۆی بینیوە و بە زمانی شیعری بەیانیانیکردوە، غەزەلە عیرفانییەکانی مەحوی سەرئەنجامی ئەزمونە عیرفانییەکەیەتی، دیارترین تایبەتمەندیی پارادۆکسی مەحوییش ڕەهاکردنی زمانە لە بەرانبەر دەستور و مەنتیقدا و شیعرەکانی هەڵگری گشت تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی عیرفانییە و ڕێچکەیەکی تایبەتی لەم بوارەدا بۆ خۆی دروستکردوە، لەلایەکی تریش بە ڕامان و سەرنجدان لەو کەش و ژینگەیەی مەحوی تێدا ژیاوە، دەردەکەوێت مەحوی هەر لە سەرەتای ژیانیەوە مەسەلەی سۆفیگەری و عیرفان بەسەر بیرکردنەوە و هزر و هەڵسوکەوتیدا زاڵبوە، دواتر قۆناغ بە قۆناغ هەنگاوی بەرەو دونیای عیرفان ناوە بوە یەکێک لە شۆڕەسوارانی ئەو بوارە.

### ١-٢. بنەمای تیۆری

### ١- ٢-١. چەمکی عیرفان

قسەکردن لەسەر چەمکی عیرفان پێویستی بە ڕامان و بیرکردنەوەیەکی قوڵ و زانستییانەیە، چونکە بابەتێکی هەستیارە و هەستیارییەکەیشی وایکردوە جێگەی باس و خواسی ئەدەبناسان و لێکۆڵەرانی ئەو بوارە بێت، عیرفان ناسنامەیەکی دیاریکراوی نییە و تایبەتیش نییە بە ئایین و شوناسێکی دیاریکراوەوە، ((عیرفان تێکەڵەیەکە لە قوتابخانە جۆراوجۆرەکان لە ئایینە ئاسمانی و زەمینییەکان و فەلسەفە جیاوازەکانی جیهان، دەتوانرێت بیروباوەڕی زۆربەی ئایینەکانی تێدا بدۆزرێتەوە.)) (رفیع، ١٣٧٥هـ: ٣٥)، بەڵام ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە عیرفانی ئیسلامی لە ئێستادا ئەو ناو و ناوبانگەی بە عیرفان بەخشیوە کە عیرفان و ئەدەبەکەی هەیەتی، ئەمەش وایکردوە ئەو شوناسە بە بەری خۆیدا ببڕێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper7

لێکۆڵەرەوان و بیرمەندانی بواری عیرفان پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ عیرفان کردوە و جەختیان لەسەر ناسین و زانین کردۆتەوە، لەپاڵ ئەمەشدا مەسەلەی تەزکیە و پاکێتیی دەرون و خۆداماڵین لە سیفەتە ناپەسەندەکان خاڵی جەوهەرییە، لێرەدا چەند پێناسەیەک دەخەینەڕو:

لەڕوی زاراوەوە: عیرفان بریتییە لە: ((ناسین، زانین لەپاش نەزانین، ئاگایی، تێگەیشتن.)) (معین،١٣٨٥هـ :٣٧٤)، هەروەها زاراوەی عیرفان لە زمانی عەرەبیدا ((لە کاری "عرف"ە وەرگیراوە، کە چاوگەکەی "معرفت"،ە بەواتای ناسین و زانین دێت. (عطار، ١٣٨٨هـ : ٥٨)، لە فەرهەنگی "نۆبەرە"شدا هەریەک لە ((زاراوەکانی "عرف، عرفة، معرفة"، بە واتای زانین و تێگەیشتن و سەر لێدەرچون و ئاشنایەتی و شارەزایی هاتوە.)) (موکریانی، ٢٠١٧: ٣٧٣)، لە کتێبی ریسالەی قوشەیریشدا مەعریفە لەسەر زمانی زانایان ((بریتییە لە زانست، هەمو زانستێک مەعریفەیە، هەمو مەعریفەیەکیش زانستە، هەمو کەسێکی زانا بە خودا عاریفە، هەمو عاریفێکیش زانایە، مەعریفە ڕەوشتی ئەو کەسەیە خودای گەورەی بە ناو و سیفەتەکانییەوە ناسیوە و خۆی لە ئەخلاقی ناشیاو پاککردۆتەوە.)) (قوشەیری، ٢٠١٦: ٥٢٢).

لەڕوی چەمکەوە: ((عیرفان بریتییە لە تێروانینێکی هونەری و ئیستێتیکی بۆ خودا و دین.)) (کدکنی، ١٣٩٢هـ : ٣٨)، هەروەها ((عیرفان بریتییە لە ناسینی خودا لە ڕێگەی ناو و سیفەتەکان و مەزاهیرەکانی و ئەحواڵەکانی و دەستپێک و گەڕانەوە و ناسینی ڕاستییەکانی جیهان بۆ حەقیقەتی تاک و تەنیا کە زاتی ئەبەدییەتە.)) (شێخ حسێن، ٢٠١٨: ١٠٥).

"سهیلا زینلی" لە "از فرهنگ مصطلحات عرفاء از شرح گلشن راز "دا بەم شێوەیە باس لە عرفان دەکات، (عیرفان زانستێکە لە زانستەکانی خودا و بریتییە لە ناسینی حەق و سیفەتەکانی، هەروەها ڕۆشنکەرەوەی ڕێگاکانی ئەهلی خودا و عیرفانە، ناسینی ڕێگەی حەقیش بە دو ڕێگا مەیسەر دەبێت:

١. بەڵگە هێنانەوەی کاریگەر بۆ کارلێککراو، لە کردارەوە بۆ سیفات، لە سیفاتەوە بۆ خود، کە ئەمەش تایبەتمەندی زانایە.

٢. پاککردنەوەی ناخ و ڕۆح لە نهێنی گومانەکان، ئەمەش بە ناسینی تایبەتمەندییەکانی پێغەمبەران و پیاوچاکان دەناسرێت، جیاوازی نێوان زانا و عاریف لەوەدایە کە عاریف نابێت بە تەنها پشت بە بەڵگەهێنانەوەی عەقڵی ببەستێت، بەڵکو بنەمای کاری عیرفان بریتییە لە"کەشف و شهود" .

عیرفان لەبەر ئەو ڕەهەندە مێژوییە قوڵەی هەیەتی، هەروەها دەرکەوتنی دەیان کەسایەتیی ناودار و کاریگەر لەو بوارەدا و پێشکەشکردنی بەرهەمگەلێکی فراوان و بونی بنەما و خاوەنی تایبەتمەندێتیی خۆی، وایکردوە وەکو زانستێک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو هەندێک پێیان وایە باڵاترین زانستە، چونکە بریتییە لە زانستی ناسینی خودا، هەروەها یەکێکە لە پێویستی و نیازەکانی مرۆڤ، چونکە ئەو بۆشاییە ڕۆحییەی کە لە مرۆڤدا دروستدەبێت بە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper7

بابەتە عیرفانی و مەعنەوییەکان نەبێت پڕنابێتەوە، ((عیرفان زانستێکە و تایبەتە بە مرۆڤ و لە ئاوەز و دڵیەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەویش بۆ گەیشتن بەخودای تاقانە.)) (سەیید ئەدهەم، ٢٠١٨: ١٧).

مەسەلەی ناسین بابەتێکی سەرەکییە لە جیهانبینیی عیرفانیدا، کە سەرەتا بە خودناسی دەستپێدەکات و دواتریش ناسینی خودا، هەروەک قسەیەکی عەرەبی هەیە دەڵێت: (من عرف نفسه فقد عرف ربه)، واتە: ئەوەی خۆی بناسێت خوداشی ناسیوە، ((بنەڕەتی عیرفان بریتییە لە خۆناسین، چونکە بێ خۆناسی، خوداناسی دەستەبەر نابێت.)) (ئینزامی، ٢٠١٨: ٧). لە هەمان کاتیشدا عیرفان ڕووبەڕووبونەوەیە لەگەڵ خواستە دەروونییەکان بۆ پاکبونەوە لە ژەنگوژاری دەرون، ((عیرفان هۆکاری دەروندروستی و خاوێنکردنەوەی دەرونی مرۆڤە.)) (نادر، ٢٠١٩: ٥٤).

عاریفەکان، عیرفان و مەعنەویەت بە بەرزتر لە مەعریفەکانی تر دادەنێن، چونکە عیرفان مەعریفەیەکی ڕاستەوخۆی بێنێوانکارە و سەروکاری لەگەڵ ڕۆحدا هەیە، هەر بۆیە بە باخێک دەیچوێنن کە تەنها شادی و ئومێد و عەشقی تێدایە، کەواتە عیرفان ڕامان و بیرکردنەوەیەکی قوڵە، لە ئاوەز و دڵەوە سەرچاوەدەگرێت بۆ گەیشتن بە ڕاز و نهێنی و بڵندبونەوەی ڕۆح لەپێناوی گەیشتن بە حەقیقەتدا.

## ١-٢-٢. چەمکی دوالیزم (Binary opposition):

لە زۆربەی ڕەوت و بیرکردنەوە ئایینی و فەلسەفەییەکاندا هەیە و لە چەندین بواری ئایینی، مەعریفی و فەلسەفی ئەدەبیدا بەکاردەهێنرێت، ئەو چەمکانە دەگرێتەوە کە دژبەیەکن و یەکێکیشە لە تایبەتمەندییەکانی زمان، ((پەیوەندی نێوان دو چەمکە لەسەر بنەمای بەرامبەری، وەک باش و خراپ، ڕاست و چەپ، بەرز و نزم، جوان و ناشیرین ... هتد.)) (آبادی و کزازی، ١٣٨٨ش: ٦)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاڵی نییە لە واتا و ئەرکی هەندێک چەمک و زاراوەی تر، وەک: "تضاد، تناقض، تقابل، پارادۆکس".

١. تقابل: وشەیەکی عەرەبییە، لە "اقبل"ەوە هاتوە بە واتای بەرانبەری یان ڕووبەڕووبونەوە دێت. (الرازي، ١٩٩٩: ٢٤٦).

٢. تناقض: وشەیەکی عەرەبییە، بەواتای نەگونجان یان ناکۆک دێت، لە "نقض"ەوە هاتوە، بەواتای هەڵوەشاندنەوە و پچڕاندن، یاخود قسەیەک پێچەوانەی واتاکەی بێت. (الزبيدي، ١٩٦٥: ٩٤)، بۆ نمونە: ناگونجێت دو ئاوەڵناو بۆ یەک بابەت پێکەوە کۆبکرێنەوە یاخود ڕەتبکرێنەوە، بەڵکو دەبێت یەکێکیان بەردەوام هەبێت.

٣. تضاد: وشەیەکی عەرەبییە، بە واتای دژیەک و دژبون و دژکاری دێت. (الفارابي، ١٩٨٧: ٤٠٦)، بۆ نمونە: دو ئاوەڵناوی دژیەک ناگونجێت لە گۆشەنیگای یەک کەسدا و لەیەک کات و شوێندا پێکەوە هەبن، بەڵام دەگونجێت هیچ کامیان نەبێت.

٤. پارادۆکس – Paradox: لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە، بە واتای نەگونجانی بیروباوەڕ دێت. ((ئەم وشەیە لە para)) بەواتای دژ، لەگەڵ dox بە واتای بڕوا و بۆچون، پارادۆکس کاتێک سەرهەڵدەدات کە هۆکار و تێگەیشتن لەگەڵ یەکتری ناکۆک بن و یەکتری ڕەتبکەنەوە.)) (ئیسماعیل زادە، : ١١٨).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper7

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان دوالیزم و پارادۆکس، دوالیزم ئەوەیە کە ئاخێوەر دو وشەی دژ و ناساز دەردەبڕێت کە لە بنەڕەت و واتادا پێکەوە نەگونجاون، بەڵام پارادۆکس ئەوەیە کە ئاخێوەر دو دەربڕاوی دژیەک پێکەوە دەگونجێنێت یاخود کۆدەکاتەوە، دوالیزم زیاتر لە وشەدا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام پارادۆکس زیاتر لە ڕستەدا.

## ١-٢-٣. پەیوەندی نێوان دوالیزم و عیرفان

دوالیزم واتا بە بونەوەر و کایەکانی ژیان دەدات، ((زانایان پێیان وایە گەردون لەسەر بنچینەی دژەکان بنیاتنراوە، بنیاتی گەردون خۆی لە کۆمەڵێک دوالیزمدا دەبینێتەوە، کە وا پێدەچێت دژ و پێچەوانەبن، بەڵام لەهەمان کاتدا تەواوکەری یەکترن، ئەو تەواومەندییانە نایەتە دی تەنیا لەڕێی ئەم دژانەوە نەبێت، ژیانیش لەسەر ئەو تەواومەندییانە بنیات نراوە.)) (ئیبراهیم، ئیبراهیم، ٢٠٢١: ٣٩٠)، مرۆڤیش پێکهاتەیەکە لە دو هێزی دژبەیەک، کە دو هێزی دژیەک دەیجولێنن و بەرە و دو جیهانی دژبەیەک بانگهێشتی دەکەن، یەکێکیان بەرە و بڵندی ئەوی تریان بەرە و نزمی، لە قورئاندا ئەم حەقیقەتە خراوەتەڕو ((**ونفس وما سواها، فألهمها فجورها وتقواها، قد أفلح من زكاها، وقد خاب من دساها**)) (سورة الشمس٧_١٠)، واتە: ((سوێند بە دەرون و ئەو زاتەی کە دەرونی بە ڕێکوپێکی بەدیهێناوە، توانای خراپە و چاکەی تێدا دابینکردوە، بەڕاستی ئەو کەسە سەرفرازە کە نەفسی پاکوپوخت کردوە، بێگومان ئەوەش دۆڕاوە کە نەفسی ناپوخت و ئالودەی گوناهـ کردوە.)) (أمين، ٢٠٠٤: ٥٩٥).

ئەگەر بە قوڵی بڕوانینە دەربڕینە دوالیزمەکان، دەتوانین چەندین ڕاستی شاراوە ئاشکرا بکەین، ((دوالیزم لە سروشت و هەمو مەوداکانی ژیاندا بونی هەیە و لە جیهانی فکریشدا یەکێکە لە ڕێگاکانی مەعریفە)) (عبدالرحمان، ٢٠١٣، ٥٠).

کەواتە دوالیزمی عیرفانی ((ئەوەیە کە ئەندێشەی مرۆڤ بگەیەنێت بەوەی کە دو شتی دژ و پێچەوانەی یەکن، لە ڕێگەی ئەم دوالیزمانەوە بگەن بە کرۆکی حەقیقەت و لە باوەڕ و عەقیدەشدا بەشێوەیەکی دو دوانەی دژ بەیەک چەسپاون.)) (چناری،١٣٧٧هـ :١٥)، لێرەدا گرنگی دوالیزم لە عیرفاندا دەردەکەوێت، بەوەی لەڕێگەی عیرفانەوە ئەگەین بە کرۆکی حەقیقەت، لە بیروباوەڕ و عەقیدەشدا دوانەی دژ بەیەک دەچەسپێنین.

"عبدالكريم القشيري"، لە کتێبی "ڕیسالەی قوشەیری لە زانستی تەسەوفدا" ئاماژەی بە چەندین زاراوەی بواری تەسەوف و عیرفان کردوە، لێرەدا گرنگترین ئەو زاراوە دوالیزمانە ئاماژە پێدەدەین:

الخوف: ترسان لە خودا و ئەنجامەدانی سەرپێچی بەرانبەری،

الرجاء: ئومێد بە خودا و بە هیوای لێخۆشبون،

القبض: گرژبون بۆ عاریف وەک ترس وایە بۆ کەسی سەرەتا (مورید)،

البسط: کرانەوە بۆ عاریف وەک ڕجا وایە بۆ کەسی سەرەتا (مورید)،

الجمع: نیشاندانی واتا و دەرخستنی لوتف و چاکە لەلایەن خوداوە بریتییە لە کۆبون،

الفرق: جێبەجێکردنی ئەرکی بەندایەتی و ئەوەی شایستەیە بە حاڵی لەلایەن بەندەوە،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper7

الفناء: بریتییە لە بەربونەوە و لێبونەوەی سیفەتە ناپەسەندەکان،

البقاء: بریتییە لە ڕاستبونەوەی سیفەتە پەسەندەکان،

الغیبة: بریتییە لە ونبونی دڵ لە زانینی ئەوەی لە حاڵ و باری دروستکراوەکاندا جاریدەبێت،

الحضور: ئامادەبونی بەندەیە بە دڵ بۆ پەروەردگاری،

الصحو: هۆشایی، بەهۆشی و گەڕانەوە بۆ هەستکردن دوای بزربون،

السکر: مەستی، مەستبون تەنها بۆ خاوەن وەجدەکانە، بزربونێکە بەهۆی هاتویەکی بەهێزەوە،

المحو: سڕینەوەی هەڵە و گوناحە ئاشکرا و پەنهانەکانە، کە خودا داپۆشیوە،

الاثبات: جێبەجێکردنی حوکمەکانی عیبادەت و ڕواندن و جێگیرکردنی کردار و حاڵە پەسەندەکانە،

الستر: داپۆشینی هەڵە و کەموکوڕیی کردارە ناپەسەندەکانە، بۆ خەڵکی عام سزایە، بۆ خەڵکی تایبەتیش بەزەییە،

التجلي: جیلوەکردن و داباراندنی میهر و بەزەیی خودایە بۆ بەندە تایبەتەکان،

القرب: بریتییە لە نزیکی لە گوێڕایەڵیی خودا و خۆڕازاندنەوە بە عیبادەتکردن لە هەمو کاتەکاندا،

البعد: بریتییە لە دوری لە خوداوە بەهۆی پشتکردنە فەرمانەکانی،

السر: ئەو حاڵ و ڕازە شاراوە و نادیارانەیە دەکەوێتە نێوان بەندە و خوداوە،

الکشف: حاڵەتێکی دەرونییە، عاریف وا هەستدەکات پەردە لە نێوان خۆی و خودادا نەماوە، ئەمەش بە ئەزمونکردن بەدەستدێت،

النفس: ئەو بەشە نەخۆشەی مرۆڤە کە بە جەستەی مرۆڤەوە پەیوەستە و لەگەڵیدا گەورەدەبێت و ناپەسەندە لە ئەخلاق و کرداردا،

الروح: مەزنترین دروستکراوی خودایە و بەدانەپاڵی بۆ لای خۆی باڵا و مەزنیکردوە، بریتییە لە جەستەیەکی نورانی، باڵای سوک و ناسک و زیندو و جوڵاو، بە قوڵایی جەوهەری جەستەدا شۆڕدەبێتەوە. (قوشەیری، ٢٠١٦: ١٤٧-١٨٧).

## ١-٣. توێژینەوەکانی پێشو:

لەژێر ئەم ناونیشانەدا سەرنجێکی کورت و ئاماژەیەکی خێرا لەسەر پێنج لەو توێژینەوانە دەکەین کە تاڕادەیەک پەیوەندی بە توێژینەوەکەمانەوە هەیە، چ ئەوانەی لەسەر مەحوی نوسراون، یاخود لەسەر لایەنی عیرفان و سۆفیگەری لای مەحوی، یان لەسەر دوالیزم بەشێوەیەکی گشتی.

**"شیعری ئایینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا، بەراورد و لێکۆڵینەوە"**، ناونیشانی تێزی دکتۆرای "ئیبراهیم ئەحمەد شوان"ە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا، پێشکەشی کۆلێژی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper7

زمانی زانکۆی سەلاحەددین کراوە لە ساڵی ١٩٩٦، توێژەر باسی لە مێژوی سەرهەڵدانی سۆفیگەری بەشێوەیەکی گشتی و دواتریش سۆفیگەری لە کوردستان کردوە، هەروەها بەراوردی شیعرەکانی "مەحوی" لەگەڵ شیعری شاعیرانی نەتەوەکانی فارس و عەرەبدا کردوە، دواتریش لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ شیعرە سۆفیگەرییەکانی "مەحوی" کردوە و لە چوارچێوەیەی لیستێکیشدا بەشێک لەو زاراوە و چەمکە سۆفیگەری و عیرفانییانەی خستوەتەڕو کە مەحوی لە شیعرەکانیدا بەکاریهێناون.

"**ڕەنگدانەوەی کەسێتی و دنیابینی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا بەتایبەت لای مەحوی و حافزی شیرازی**"، ناونیشانی نامەی ماستەری "سەبور عەبدولکەریم – شکار"ە، نامەکە پێشکەشی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشدی زانکۆی بەغدا کراوە لە ساڵی ٢٠٠٨، توێژەر ئاماژەی بە تایبەتمەندییەکانی عیرفانی ئیسلامی و سەرچاوە سەرەکییەکانی و دواتریش قۆناغەکانی کردوە، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە حەللاج لە بونیادی کولتوری و عیرفانی ئیسلامیدا ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەژمون و کاریگەریی گەورەی لەناو گەلانی موسڵماندا هەبوە، پاشان بەراوردی شیعرەکانی گەورە شاعیری فارس"حافزی شیرازی" لەگەڵ شیعرەکانی"مەحوی"ی کردوە لەو ڕوانگەیەوە، لەمەڕ حەللاج، چ وەکو کەسایەتی، چ وەکو دونیابینی.

"**دوالیزمی دژیەک لە هۆنراوە لیریکییەکانی مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزی دا**"، ناونیشانی نامەی ماستەری "لهۆن قادر"ە، لە ساڵی ٢٠١٣ پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کردوە، توێژەر لە توێژینەوەکەیدا چەند زاراوەیەکی پەیوەست و هەندێک جار هاوواتاش وەک: (دژیەک – تضاد، ناکۆک – متناقض، پارادۆکس و تقابل، بەرانبەر بە دوالیزمی دژیەک دەناسێنێت تا لە ناساندنی چەمکی دوالیزمی دژیەکدا تێکەڵی و ئاڵۆزی دروستنەبێت، هەروەها باسی دوالیزمی دژیەکی لە ئایینەکانی "هیند، ئێران، میسری کۆن، ئێزیدی، یەهودی، مەسیحی و ئیسلام"دا کردوە، لە کۆتاییشدا بەوردی دوالیزمی دژیەک لە ناو تەسەوف و عیرفانی ئیسلامیدا دیاریکردوە و هەردو چەشنی دوالیزمی ئاشکرا و شاراوەی لەسەر ١١٣ بەیتە شیعری "مەولانای ڕۆمی و مەولەوی" بە نمونە وەرگرتوە.

"**هێرمینۆتیکای شیعری سۆفییانەی مەحوی**"، ناونیشانی تێزی دکتۆرای "هێمن عومەر خۆشناو"ە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا، پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کراوە لە ساڵی ٢٠١٤، توێژەر ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە لەبەرئەوەی دەقی شیعری سۆفییانە بەو پێیەی زیاتر لە بۆتەی ڕەمز و هەندێک نیشانە و هێمای تایبەت بە خۆی هەیە، بۆیە ئەوەی شارەزای بازاڕی ئەوان نەبێت، ناتوانێت زۆرترین واتای لێ هەڵبکرێنێت، توێژەر لە چوارچێوەی شیعرەکانی مەحویدا ئاماژەی بە ژمارەیەک چەمکی دوالیزمی عیرفانی کردوە، وەک: "سێبەر و هەتاو، عیشق و عەقڵ، ئاو و ئاگر، ڕاوچی و نێچیر، بولبول و پەروانە".

"**دوالیزمی شوێن لە دەقە شیعرییەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا**"، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی شیکارییە، لە هەمبەر دوالیزمی شوێن و ڕۆڵ و پێگەی ڕەگەزی شوێن لە چوارچێوەی دەقە شیعرییەکانی "لەتیف هەڵمەت"، کە لەلایەن



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper7

هەریەک لە "سەرکەوت عمر ئیبراهیم و زانیار زیاد ئیبراهیم"ەوە لە گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین لە ساڵی ٢٠٢١دا بڵاوکراوەتەوە، لە توێژینەوەکەدا جگە لەوەی چەمک و پێناسەی دوالیزم خراوەتەڕو، ئاماژەشیان بەوە کردوە کە شاعیران و ئەدیبان بابەتی دوالیزم وەک بنیاتی هونەری دەقەکانیان و لایەنێکی ئیستێتیکی پشتی پێدەبەستن، دواتریش بە شێوەیەکی کرداری لە چوارچێوەی دەقە شیعرییەکانی "لەتیف هەڵمەت"دا شرۆڤەی دوالیزمی شوێن کراوە، چ شوێنی تۆپۆگرافی، وەک: شوێنی بەرزی و نزمی، تەسک و فراوان، باکور و باشور... تاد، یان ئەو شوێنانەی ناخ و دەرونی شاعیر بوە بە سەرچاوەی دوالیزم، وەک: شوێنی هۆگر و ناهۆگر، شوێنی چۆڵ و قەرەباڵغ،... تاد).

## ١-٤. دوالیزم و ڕەوانبێژی:

دوالیزم لە ڕەوانبێژییدا ڕۆڵی بەرچاوی لەپێدانی شیعرییەت و بەخشینی وێنەی هونەریدا هەیە، شاعیران و ئەدیبان وەک بەشێک لە جوانکاریی هونەری ڕەوانبێژی لە دەقەکانیاندا بەکاریاندەهێنن و بە یەکێک لە سێ زانستەکەی ڕەوانبێژی دادەنرێت و وەک بونیادێکی ئیستێتیکی مامەڵە لەگەڵ ئەو چەمکە دوالیزمانەدا دەکەن، تەنانەت بە کلیلی کردنەوەی کۆدەکانی ناو دەق ناوزەدیدەکەن، ((گۆڕەپانێکی گەورەی لە شیعری شاعیران گرتوە و توانای زۆری ئەو شاعیرانەی دەرخستوە لە بایەخدان بە ڕوخساری شیعر.)) (گەردی، ٢٠١٣: ٣٢٤)، هەروەها دوالیزم لە ڕەخنەی ئەدەبیشدا ((بەیانی بابەتێکە کە بە ڕواڵەتی خودی دوالیزم ناماقوڵ و پێچەوانەیە بەتێگەیشتنی گشتی، بەڵام ئەگەر بەباشی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت پێدەچێت بنەمایەکی دروستی هەبێت.)) (چناری، ١٣٧٤هـ: ٤٨).

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان دوالیزم و ڕەوانبێژییش ((دوالیزم هونەری ڕازاندنەوەی دەربڕینەکانە و دەستپێکی بونی لە چوارچێوەی هونەری ڕەوانبێژیدا بوە، کە دەرئەنجام ڕازاندنەوە و جوانکاری لە

دەقدا دوا وێستگە و ئامانجێتی)) (عبدالرحمان، ٢٠١٣: ١١٦).

لێرەدا دوالیزم لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا لەسەر بنەمای لایەنی هونەری ڕەوانبێژی دابەشدەکەین بۆ سەر چەند جۆرێک، لەوانە:

**١_٤_١ . دژیەک:** ئەوەیە دو وشە دژ و پێچەوانەی یەک بن، ((کۆکردنەوەی دو وشەیە، کە ئەو وشانە لەڕوی واتاوە پێچەوانەی یەک بن، بۆ نمونە: ڕەش و سپیی، جوان و ناشیرین، پاک و ناپاک...تاد.)) (عەبدوڵڵا، ٢٠١٣: ٨٧)، ئەمەش دو جۆری سەرەکیی هەیە:

**ئـ. دژیەکی ئەرێ:** ئەو جۆرەیە کە وشەکان هەریەکە لە ڕەگەزێکی سەربەخۆبن و لە واتادا دژ و پێچەوانەی یەکتر بن، ئیتر وشەکان "ناو، کردار، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار یان چاوگ" بن، وەک: ڕۆژ و شەو، سارد و گەرم، لەسەر و لەخوار، مردن و ژیان... هتد. ئەم جۆرە دژیەکی فەرهەنگییشی پێدەوترێت، وەک "مەحوی" دەڵێت:

**"باتیڵ موقابیلی حەق وەستا بەتاڵە ئیشی**



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper7

**گەردی بە بادە خاکیَ بیَ هەڵپژیَ بە گەردوون.**" (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ٢٨٩).

مەحوی ئەم هونەرەی لە دەقێکی عیرفانیدا بەرجەستەکردوە لە نێوان دو چەمکی عیرفانی"حەق و باتیل"، مەحوی وەکو زۆربەی عاریفانی دنیا حەقی سەرخستوە بەسەر دژەکەیدا کە (باتیڵ)ە و توانیویەتی لە ڕێگەی ئەم دوانە دژیەکەوە کەشێکی عیرفانی لەم دێڕەدا برەخسێنێت بەوەی ئەگەر ناحەق بەربەرەکانی لەگەڵ حەقدا بکات، ئەوا ڕەنجی بەبادەچێت، خاکێکیش بەڕوی ئاسماندا هەڵپژێت ئەویش گەردی دەدرێت بەبادا، لێرەدا هەردو وشەی "باتیل و حەق" دو وشەن لە واتادا دژ و پێچەوانەی یەکترن و لە دونیای عیرفانییشدا حەق هەمیشە بەسەر باتیڵدا سەرکەوتوە.

**ب. دژیەکی نەریَ:** ئەو جۆرەیە کە بەهۆی ئامرازەکانی نەرێکردنەوە (نە، نا، مە) دروستدەبێت، وەک: خۆش و ناخۆش، هات و نەهات، برۆ و مەڕۆ... هتد. ئەم جۆرە دژیەکی نافەرهەنگییشی پێدەوترێت، "مەحوی" دەڵێت:

"**لە <u>ناکەس</u> کارییا خاکم بەسەر ڕۆیی بە با عومرم**

**خودا تۆ بمژێنە، تا لەبەر قاپی <u>کەسیَ</u> دەمرم.**" (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ٢٦٢).

لەم بەیتە شیعرەدا هەردو وشەی "ناکەس" کە گوزارشت لە خەڵکی خراپ و(کەس) کە گوزارشت لە خەڵکی باش دەکات بونەتە کەرەستەی شیعری ئەم عاریفە و بەهۆی ئامرازی نەرێکردنەوە دوالیزم دروستبوە. بەم جۆرە دەبینین دوالیزم لە هەناوی یەکێک لە هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە دەردەکەوێت، مەحوی وەکو دو چەمکی عیرفانی،"ناکەس"ی بۆ خودی خۆی بەکارهێناوە، چونکە گەیشتوە بە ئەوپەڕی نائومێدی و دەرفەتی تەمەنی لەدەستداوە بەهۆی کردەوەکانیەوە، بۆیە سەرزەنشتی خۆی دەکا

"کەس"ی باشیشی بۆ شێخەکەی داناوە کە تەمەننای مردن دەکات لەبەر دەرگاکەیدا.

**١_٤_٢. لێکچواندن:** لەسەر بنەمای بەراورد هاتوە، ((ئەوەیە شتێک بە شتێکی تر بچوێنی کە هاوبەش بن لە سیفەتێک یان زیاتر.)) (گەردی، ٢٠١٣: ١٢٠)، لە بابەتی دوالیزمیشدا لەوچو بە جۆرێک هەڵدەبژێردرێت کە لەگەڵ وشەیەکی ناو بەیتە شیعرەکە دوالیزم دروستبکات. بابەتە سەرەکییەکە "لێکچو"ە، بەراورد و ڕونکردنەوەکە "لەوچو"ە، سیفەتی هاوبەشی نێوانیانیشیان "ڕوی لێکچون"ە، هەندێک جاریش دەگونجێت ئامرازێک هەبێت، پێی دەوترێت "ئەوزار"، لەم ڕووەوە مەحوی دەڵێت:

"**بە <u>ئاوی</u> تێگەیشتین ئێمە دنیا، هەر <u>سەرابیَ</u> بوو**

**هەموو دەشچن بە خنکان و لە وشکیشە مەلەی مەخلووق.**" (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ٢٢٣).

مەحوی لەم بەیتەدا دو چەکی تری عیرفانی بەکارهیناوە ئەوانیش" ئاو و سەراب"ن، حەقیقەتی دونیای ڕونکردوەتەوە کە ئێمە بە ئاو و ژیانی دەزانین، بەڵام لە ڕاستیدا تەنها سەرابێکە و حەقیقەتێکی ڕوکەشە، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی لە هەوڵی بەدەستهێنانیدان و ڕەنجی بێسودی بۆ دەدەن، لە وشکیدا مەلەی تێدا دەکەن و دەشزانن تێیدا دەخنکێن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper7

"ئاو و سەراب" دوالیزمی یەکترن و تەعبیرن لە دو شتی جیاواز، "دونیا" لێچوە و "سەراب"یش لەوچوە، لێرەدا ئەگەر لەوچو، واتە "سەراب" لاببەین، دژیەک دروستنابێت، دەبینین دوالیزم و ڕەوانبێژی چونەتە ناویەک و لەلایەک لێکچواندن بوەتە کەرەستەی دوالیزم و لەلایەکی تریش خزمەتی پۆیەتیکای هێزی شیعری کردوە.

**١_٤_٣ . خوازە:** وشەیەکە بۆ واتای دروستی خۆی بەکارنەهاتبێت، ((بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەک بۆ واتایەکی تر جگە لە مانا ڕاستەقینەکەی خۆی، بەهۆی بونی پەیوەندییەکەوە لە نێوان مانا ڕاستەقینەکە و مانا خوازەییەکەیدا.)) (فەقێ سلێمان، ٢٠٢٠: ١١٩)، سەبارەت بە دوالیزمییەت لە خوازەشدا ئەوەیە کە ((لە پێکهاتە و دەربڕیندا لەبری زاراوەیەک هاوواتاکەی بهێنرێت بە جۆرێک لەگەڵ زاراوەیەکی دیکەدا لە مانا و واتایەکدا دوالیزمی دروست بکات.)) (عبدالرحمان، ٢٠١٣: ٧٨)، مەحوی دەڵێت:

**"بە شۆخی دین و دڵمی دا بە تاراج، ئیستا وەک سۆفی**

**بە سەبحەی ئەشکەوە هاتۆتە سەر تەرکی نەزەر چاوم."** (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ٢٦٦).

واتە تا گەنج و جوان بوم چاوم هێندە سەیری یاری کرد تا دڵمی بەتاڵانبرد، ئێستاش کە پیربوم تەسبیحێکی لە دڵۆپی فرمێسک هۆنیوەتەوە و خۆی کردوە بە سۆفی و سەیری یار ناکات. "سەبحەی فرمێسک" کە مەبەست لێی تەزبیحی فرمێسکە، لەبریی "گریانی زۆر"، کە گریان خویەکی بەردەوامی عاریفانە، وەکو هاوواتایەک بەکاریهێناوە و لەهەمان کاتیشدا خوازەیە. لێرەدا "شۆخی" کە مەبەست لێی گەنجێتی و جوانییە، دوالیزمی لەگەڵ "سۆفی"دا دروستکردوە، کە لێرەدا مەبەست لێی تەمەنی پیرییە و "پیر"یش چەمکێکی عیرفانییە و زۆر بە فراوانی لەو بوارەدا بەکارهاتوە، کە مرۆڤ لەو تەمەنەدا لە شێوەی دەنکەکانی تەسبیحدا کە سۆفییەکان هەمو کات بەکاریدەهێنن، دڵۆپە فرمێسکەکانی بۆ سەردەمی گەنجێتی دەهۆنێتەوە و تەنانەت ئەوەندە گریاوە توانای بینینی یاریشی نەماوە، لەم بەیتەدا ئەگەر یەکێک لە وشەکانی "شۆخی یان سۆفی" نەهاتایە، ئەوا دوالیزم دروستنەدەبو.

**١_٤_٤. خواستن:** یەکێکی ترە لە بابەتەکانی ڕەوانبێژی، ((بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەک بۆ دەربڕینی مانایەکی تر بێجگە لە مانای دروستی وشەکە، بەمەرجێ پەیوەندی نێوان مانای دروست و مانای خوازەیی وشەکە وێچون بێت.)) (گەردی، ١٩٧٠: ٦٩)، ئەمەش کاتێک ڕودەدات وشەی لێخواستراو لەگەڵ وشەی ناو بەیتەکەدا دژیەک دروستبکات، یەکێک لە مەبەستە گرنگەکانی ئەم جۆرە هونەرەش ئەوەیە کە توانای ئەوەی هەیە دژەکان کۆبکاتەوە، مەحوی دەڵێت:

**"لە پاداشتی قسەی سەردا هەمە ئاهـ و هەناسەی گەرم**

**کەسێ شێتانە بەردم تێگرێ، من بەرقی تێ دەگرم."** (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ٢٦٢).

مەحوی لێرەدا بە شێوازێکی هونەریی بەرز لە بەرانبەر قسەی سارد و ناشایستە و ڕەقیی یارانیدا تەنها هەڵکێشانی ئاخ و حەسرەت و هەناسەی گەرمی هەیە، کە دواجار بەرق و بروسکەی لێبەرهەمدێت، کە توانای سوتانی هەیە،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper7

ئەمەش لە ئەنجامی كارلێكی سارد و گەرم دروستدەبێت، وشەی "سارد" لێخواستراوە بۆ "قسەی ڕەق و ناخۆش"، وشەی "گەرم"یش لێخواستراوە بۆ "ئاهـ و حەسرەت و خەفەت". لێرەدا وشەی "سارد" دژ دێتەوە لەگەڵ وشەی "گەرم"دا، ئەگەر یەكێك لە وشەكانی "سارد یان گەرم" لاببەین و مەبەستە بنەڕەتییەكە دابنێین كە قسەی ڕەق و ناخۆشە، یان ئاهـ و حەسرەت و خەفەتە، ئەوا دوالیزم دروستنابێت.

**١_٤_٥ . درکە:** شتێكە بۆ غەیری واتای دروستی خۆی، ((هەر وشەیەک واتایەک بگەیەنێت و بە هەردو لایەنی دروست و خوازەیی لێک بدرێتەوە، پێیدەوترێت درکە.)) (حمد، ٢٠١٨: ٢٧١)، یان ((شتێک بلێت و مەبەستی شتێكی تر بێت.)) (فەقێ سلێمان،٢٠٢٠: ١٩٧)، واتە درکە دو جۆر واتا دەبەخشێت، واتایەكی فەرهەنگی و واتایەكی درکەییش، كە زیاتر واتا درکەییەكە مەبەستە، مەحوی دەڵێت:

"**قسێكی پڕ لە تەئیسری بە فرزەندی دەوت پیری:**

**عەزیزم تازە گەیوی تۆ، ئەمن باری سەفەر بەستە.**" (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ٣٠٩).

واتە: پیاوێكی پیر قسەیەكی جوان و بە تەئسیری بە كوڕەكەی وت: ڕۆڵە تۆ تازەپێگەیشتویت، هێشتا شارەزای دونیا نەبویتە، بەڵام من بەشی خۆم شارەزابومە و لەسەر سەفەرم و كۆڵ و بارم پێچاوەتەوە. لەم بەیتەدا مەحوی دو وێنەی درکەی ئاماژە پێداوە، "تازەگەیو" درکەیە بۆ تەمەنی "گەنجی و لاوێتی"، كە دوالیزمی دروستكردوە لەگەڵ تەمەنی "پیرێتی". هەروەها "باری سەفەر بەستە"ش درکەیە بۆ "تەمەنی پیری"، كە ئەو دو چەمكە بەشێوەیەكی فراوان لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا بەكارهاتوە و لە هەمان كاتیشدا دو چەمكی دوالیزمین و لەسەر بنەمای هونەری ڕەوانبێژی دروستبون.

**١_٤_ ٦. بەرامبەری:** ((جۆرە دژیەكێكی تایبەتە، لە بەرامبەركردنی دو شت، یان هەندێجار سێ شت بەدژەكانیان دروست دەبێت.)) (گەردی، ١٩٧٥: ٧٤)" مەحوی دەڵێت:

"**نەبووە قەت مەحوی وتی بوونی من و تۆ پێكەوە**

**حوسنە ئاوی زیندەگی عیشق ئاگرێكە دڵ برێژ.**" (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ١٨٤).

لەم بەیتەدا لە بری مەحوی، یارەكەی قسە دەكات، لە نیوە دێڕی یەكەمدا "من" مەبەست لێی یارە" تۆ"یش مەبەست لە مەحوی خۆیەتی، بونەتە دوالیزمی یەكتر، لە نیوە دێڕی دوەمدا بۆ جوانی یار "ئاوی ژیان" بەكارهاتوە، بۆ عیشقەكەی مەحویش "ئاگری دڵبرژێن" بەم شێوەیە بەرامبەری دروستبوە.

## ٢. چەمكە دوالیزمە عیرفانییەكانی مەحوی:

دوالیزم بەچەشنێكی بەرچاو لە شیعری شاعیرانی كلاسیكی كوردی ئامادەیی هەیە، لەبەرئەوە ((ئەدەبیاتی عیرفانی بەشێكی زۆر گەورەیە لەو سامانە ئەدەبی و فیكرییانە، كە عاریفانی ئەم ناوچەیە بەرهەمیانهێناوە و پانتاییەكی فراوانی لە هۆنراوەی كلاسیكی گەلانی ئەم ناوچەیەی بۆ خۆی بردوە، تەنانەت لای نەتەوەیەكی وەك



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper7

ئێمە ئەدەبی عیرفانی دەستپێک و سەرچاوەی ئەدەبی کلاسیکمانە.)) (عەبدولڕەحمان، ٢٠١٣: ٤٩). هەروەها دوالیزم لە شیعرە کوردییەکانی مەحویشدا بەهەمان شێوە ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە و شاعیر بە چەندین جۆر دەربڕین و بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی وێنەی شیعریی بەرز و ناوەڕۆکی پڕ لە واتای بەرهەمهێناوە، ((هەندێک لەو دەقانەی مەحوی چنینەکەی وەها خراوەتەڕو، کە لە یەک کاتدا وێرای دەرنەچون لە ڕەمز و ستراتیژییەتی سۆفییانەش وەکو کەرەستەیەکی ڕەوانبێژیش مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی سازاندنی شیعرییەتی وێنە.)) (خۆشناو، ٢٠١٦: ٢٩٥).

لەم بەشەدا بەشێوەیەکی پرکتیکی، چەمکە دوالیزمە عیرفانییەکان لە شیعرە کوردییەکانی مەحوی دەخەینەڕو، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنیش بۆ ئەو چەمکانە و بەیتە شیعرییەکانیش دەکەین:

**١. ئاو و ئاگر:** دو چەمکی عیرفانین لەهەمان کاتیشدا دوالیزمی یەکترن، ئاو جگە لەوەی لە هەندێک شوێندا بە"ئاب" هاتوە، لەگەڵ وشەی تریشدا هاتوە، وەک: "ئابی حەیوان، ئاوی حەیات، ئاوی زیندەگی، ئاوی گەوارا، ئاوی خزر...تاد" ((ئاو سەرچاوەی ژیانە، مەبەست لێی ناسینە، چونکە مەبەست لە ژیانیش هەر ناسینە.)) (سعیدی،١٣٨٤هـ : ١)، ئاگریش ((هێمایە بۆ سوتان، لە عیرفانیشدا تەعبیرە بۆ کەسی عاشق)) (خۆشناو، ٢٠١٦: ٣٢١)، حەقیقەتی ئاگر گەرمی و سوتانە، مەحوی لێرەدا عاشقەکەیە بە وێنەی ئاگرێکی دڵبرژێن، جوانی یارەکەشی بە وێنەی ئاوی ژیانە. بۆیە ئەوەی لەناو ئاگردا بێت هەمیشە ژیانی ناخۆشییە و ئەوەشی لەناو ئاودا بێت ژیانی پڕە لە ئارامی، بۆیە ئاو و ئاگر هەرگیز پیکەوە کۆنابنەوە، هەروەک مەحوی دەڵێت:

"**نەبووە قەت مەحوی وتی بونی من و تۆ پێکەوە**

**حوسنە <u>ئاوی</u> زیندەگی عیشق <u>ئاگرێکە</u> دڵ برێژ.**" (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ١٨٤).

**٢. ئیمان و کوفر:** دو چەمکی دوالیزمی عیرفانین، ئیمان واتە ((دانپێدانان و دڵنیایی تەواو و ملکەچبون و کارکردن بە ڕێنماییەکان.)) (شوان، ٢٠١٠: ٤٧)، کوفریش بریتییە لە ((شاردنەوەی ڕاستی و بێئاگابونی دڵ لە حەقیقەت.)) (سجادی، ١٣٨٤هـ : ٦٤٩)، مەحوی باوەڕداری بەوە لێکدەداتەوە کە چاوی بەیار بکەوێت، کافربونیشی کاتێکە کە دور بێت لەیار و پیینەگات، مەحوی بەهۆی نەبینینی یارەکەی ناڵە و هاواری لێ هەستاوە و پێیوایە کافربوە، دەڵێت:

"**دینتم <u>ئیمانە</u>، خۆ، <u>کوفرە</u> نەگەیبنم بە تۆ**

**قوڕ بە سەرم، دینە، چوو، کافرییە: بوو ئەوا**" (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ٧٠).

**٣. بولبول و پەروانە:** دو چەمکن هێمان بۆ عەشق و خۆشەویستی و بێزارنەبون و بەردەوامی، لە جیهانبینیی عیرفانیشدا بۆ چاولێکردن بەکاردەهێنرێت، ((پەروانە بە واتای پیر و ڕابەر و ڕێپیشاندەری سالیکان دێت.)) (شکار، ٢٠٠٩: ٣٠٥)، مەحوی تایبەتمەندییەکانی بولبول و پەروانە بۆ خۆی بەکاردەهێنێت وەکو هێمایەک بەیتەکەی پێدەچنێت و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دەرسی عەشقی لای ئەوان خوێندوە، بۆیە هەرگیز لێی بێزارنابێت، هەر لەو بەیتەدا



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper7

مەحوی دو چەمکی تری دوالیزمی بەکارهێناوە و لە هەمان کاتیشدا دو چەمکی عیرفانین کە ئەوانیش **"گەیشتن و نەگەیشتن**"ە، کە هاوواتای "ویسال و هیجران"ە، و ڕۆڵی دوالیزم دەبینن، بەڵام لەسەر بنەمای دژیەکی نەرێ، کە تەنیا بە نەرێبون دروست دەبن، لە نمونەکانی داهاتو زیاتر لەسەر ئەو دو چەمکەش دەوەستین، دەڵێت:

**"دەرسی عیشقم هەر لە کن پەروانە یا بولبول بوە**

**بیگەمێ، یان نەیگەمێ، هەر مەشقی ئوستادێ دەکەم."** (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ٢٧٧).

٤. **پیری و جوانی:** پیری جگە لەوەی تەعبیرە لەو کەسەی تەمەنی گەنجێتی بەڕێکردوە، لە عیرفانیشدا بەو کەسە دەوترێت ((کەسێکە ڕابەرایەتی ڕێبوار دەکات و کەسێکە ڕێگەی ڕاستی گرتوتەبەر.)) (شوان،٢٠١٠: ٧٥)، هەروەها وشەی پیر واتای جۆراوجۆری لێ وەرگیراوە، وەک: "پیری دێر، پیری خانەقا، پیری مەیخانە، پیری موغان، پیری خەرابات...تاد" جوانیش لە وشەی "الجمال"ی عەرەبییەوە هاتوە، ((نورێکی پیرۆزە لە جوانی خوایی تێکەڵی سەرتاسەری بونەوەران بوە)) (الفني، ١٩٨٠: ٦٤)، جوانی هاوواتاشە بۆ تەمەنی گەنجی و لاوێتی، مەحوی باسی لە دو چەمکە دوالیزمە عیرفانییە کردوە و وەکو عاریفێک سەرکۆنەی خۆی دەکات کە تەمەنی لاوێتی و جوانی بەسەرچوە و بەتەواوی گەیشتوە بە تەمەنی پیری، بەڵام هێشتا دو شت کە تەماع و هیوا درێژییە، کە هیی تەمەنی لاوێتییە، کەچی حەز و خواستی دەچێتەوە سەری، هەروەک مەحوی دەڵێت:

**"پیری نەمامی باغی جوانیمی کردە پووش**

**تازەم درەختی توولی ئەمەل دەردەکا چرۆ."** (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ٢٩٧).

٥. **تاڵی مەرگ و شیرینی حەیات:** لەم بەیتەدا دو چەمکی دوالیزمی لەهەمان کاتدا عیرفانی هەن، ((مردن لای ئەهلی عیرفان بریتییە لە سەرکوتکردنی نەفس و داکەندنی بەرگی مادییەت و ڕێکردن بەرە و جیهانی مەعنەوییەت)) (سجادی، ١٣٧٨هـ :٧١٤)، پێوەری زیندوبونییش لای ئەهلی عیرفان ((ڕاستەڕێبونی دەرونەکەیەتی، بە پێچەوانەوە بە زیندو دانانرێت)) (خۆشناو، ٢٠١٦: ٢٥٧) مەحوی لێرەدا نۆشینی مردن کە لە بنەڕەتدا ئێجگار تاڵە، بەڵام لە لای ئەهلی حەیا بە باشتر دەزانێت وەک لە شیرینیی ژیان، ئەگەر ئەو ژیانە سوکایەتی و بێڕێزیی تێدا بێت، هەروەک مەحوی دەڵێت:

**"بەو هەموو تاڵییەوە شەربەتی مەرگ، ئەهلی حەیا**

**خۆش گەوارا ترە بۆی ئێستە لە شەکراوی حەیات."** (دیوانی مەحوی ١٣٩١هـ: ٩٩).

٦. **حەق و ناحەق:** چەمکی تری دونیای عیرفانە، ڕۆڵی دوالیزم دەبینن، بەڵام لەسەر بنەمای دژیەکی نەرێ، کە بەهۆی ئامرازی نەرێکردنەوە دروست دەبن، حەق ((ناوێکە لە ناوەکانی خودا، بە واتای ڕاست و دروست دێت.)) (سعیدی، ١٣٨٤هـ : ٢٢١)، هەروەها ئەم وشەیە زیاتر لە "أنا الحق" ی "مەنسوری حەللاج"سەرچاوەی گرتوە و هاتوتە نێو دونیای عیرفانەوە و بوەتە ڕەمز بۆ ئەو، مەحوی دەڵێت:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper7

لەو ڕۆژەوەی بوم ئەوەی حەق و ڕاستی بێت وتومە و لێشی لانادەم، ئەوەشی ناحەق بوە هەر وتومە، لەسەر ئەمە باوەڕە بەردەوام دەبم ئەگەر وەک حەللاج بشمکەن بە دارا، هەروەک دەڵێت:

**"بەحەق هەر حەق بە ناحەق ناحەقم وتوە لە ڕۆژێ بووم**

**وەکو مەنصور ئەگەر بشمکوژن ناکەم لە حەق لادەم."** (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ٢٧٠).

**٧. خورشید و سایە:** جگەلەوەی دو چەمکی عیرفانین، لەگەڵ ئەوەشدا دژی یەکترن و هیچ کات پێکەوە کۆنابنەوە، ((خۆر حەقیقەتی نوری خودایە و ئەو ڕوناکییانەیە کە لەدەرکەوتنە خواییەکانەوە دەردەکەون)) (سجادی، ١٣٧٨هـ : ٣٧٤)، هەروەها سایەش ((سێبەری بونی ئیزافییە و پاشکۆ و لاوازی نیشاندانە.)) (القاشاني، ٢٠١٢: ٤٣)، مەحوی یار دەچوێنێت بە خۆر و خۆیشی بە هەتاو، ئەمەش حەقیقەتی تێکەڵنەبونی مەحوی دەسەلمێنێت لەگەڵ یارەکەی، هەروەک دەڵێت:

**"خورشید وسایە پێکەوە نابن، دە حەقیەتی**

**ئەو جیلوە وەحشییە کە نەبێ ئاشنا بەکەس"** (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٨٨).

مەحوی لە شوێنێکی تردا ئاماژە بە دو چەمکی تری هەمان واتا دەدات کە ئەوانیش"**سێبەر و هەتاو**"ن مەحوی بابەتێکی گرنگ دەوروژێنێت، کە ئەویش ئەنانییەت و خۆپەسەندییە، دەڵێت هەرکەس وابێت ئەوا دور دەبێت لە ڕوناکی و خۆشەویستی خودایی، تا ئەو کاتەی مرۆڤ دەست هەڵنەگرێت لەو خۆپەسەندییە، سێبەری بونی خۆی لەسەر لاناچێت و هەتاوی خوداناسی لەسەری دەرناکەوێت، دەڵێ:

**"تا زوڵمەتی وجودە تەریکی لە نووری عیشق**

**سێبەر نەما، هەتاوە، کە مەحوی نەما خودا"** (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ : ٣٨).

**٨. خەڵق و خودا:** دو چەمکی عیرفانین ((خودا ناوێکە کە سەرجەم ناو و سیفەتە بەرزەکانی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە.)) (القاشاني، ٢٠١٢: ١٢)، هەروەها لە قورئاندا "٢٥٦٣" جار دوبارەبوەتەوە، خەڵقیش هەمو ئەوانە دەگرێتەوە کە لەلایەن خوداوە بەدیهێنراون، مەحوی لە بەیتێکدا باس لە یەکتاپەرستی دەکات و ڕەخنەی توند لەو جۆرە بیروباوەڕانە دەگرێت کە تەنها سەرزارەکییە و دڵیش خاڵییە لە یادی خودا، ئەمە بەلای مەحوییەوە جۆرێکە لە هاوەڵ پەیداکردن بۆ خودا، چونکە دڵ دەبێت تەنها خۆشەویستی خودای تێدا بێت نەک خەڵک، چونکە ئەو دو چەمکە لەیەک شوێندا ناکرێت پێکەوەبن، هەروەک مەحوی دەڵێت:

**"لە دڵدا خەڵق و خوا بوو، فائیدەی چی**

**کە دەم پڕ بێ لە (ایاک... ایاک)."** (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ٢٢٩).

**٩. دونیا و مەعشوق:** مەحوی کەتوەتە نێوان دو بژاردەوە، یان هەڵبژاردنی دونیا، یان هەڵبژاردنی مەعشوقەکەی، ئەم دو چەمەکە پێکەوە نایانکرێت لەگەڵ ئەوەی دو چەمکی عیرفانین لەهەمان کاتیشدا دو چەمکی دوالیزمیشین،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper7

((دونیا ئەو شوێنەیە ئەگەر مرۆڤ پێوەی سەرقاڵ بێت لە خودای دوردەخاتەوە، هەرکەسێکیش دڵی بە دونیا بدات تیادەچێت.)) (الفني، ١٩٨٠: ٩٨)، لەبەرامبەر دونیادا مەعشوق هەیە کە خودایە، دواتر مەحوی بڕیارە ڕاستەکە دەدات و دەڵێ لەسەر تۆ هەمو دونیا دوژمنە و لەپێناوی تۆدا تەرکی هەمو دونیا دەکەم، لە نێوان دوالیزمەتی دونیا و مەعشوقدا هەمیشە عاریفان پشتیان لە دونیا کردوە بۆ گەیشتن بە مەعشوق، مەحویش پەیڕەوی هەمان بیرۆکەی عاریفانی کردوە:

"**لەسەر تۆم دوشمنە دونیا قەزییەم (مانع الجمع)**

**کە تەرکی تۆ نەکەم تەرکی هەموو دونیا نەکەم چیبکەم.**" (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ٢٧٤).

لە شوێنێکی تردا مەحوی باس لە دو چەمکی تری دوالیزمی لە هەمان کاتیشدا عیرفانی دەکات، ئەویش"**دونیا و دواڕۆژە**" دان بەوەدا دەنێت کە دونیا و خەیاڵاتی دونیایی بە چەشنێک بەسەریدا زاڵبوە تەنانەت بیری قیامەتی نەماوە، مەگەر ناوی قیامەت لە ڕۆژی قیامەت بکەوێتە بیر و هۆشی، ئەو کاتەش هیچ سودێکی نییە، هەروەک دەڵێت:

"**خەیاڵی پوچی دونیا وا دەماغ و دڵمی پێچاوە**

**قیامەت، هەر مەگەر قیامەت بێتەوە فیکرم.**" (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ٢٦٣).

**١٠. دەرد و دەوا:** دو چەمکی عیرفانین و ڕۆڵی دوالیزمیش دەگێڕن، بەلای ئەهلی عیرفانەوە هەر دەرد و نەخۆشییەک بەهۆی عیشقەوە دروست بێت پیرۆزە بەلایانەوە، مەحویش هەمان ڕێچکەی گرتوە و دەردی عیشقی لا پیرۆزە و داوا دەکات دەردی عەشقی کەمنەبێتەوە، بەڵکو زیادیش بکات، تەنانەت لەجیاتی دەواکەشی هەر ئەو دەردەی بۆ بێت، کە دەردی عەشق و خۆشەویستییە، مەحوی دەڵێت:

"**خودا ئەم دەردی عیشقەم لێ نەکا کەم**

**هەتا هەم بەس لە باتیی هەر دەوا بەس.**" (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ١٨٦).

مەحوی لە بەیتێکی تردا دوبارە باس لە هەمان بابەت دەکات کە پەیوەندی بە بەیتەکەی ترەوە هەیە و ئاماژە بە برین و مەرهەم دەکات، دەڵێت بە قسەیەک کە لە لێوی یار دەردەچێت دەبێت بە مایەی شیفا و مەرهەم بۆ برینی دڵ، بەڵام بە ئیشارەتێکی چاو سەرلەنوێ زامی دڵ دەکولێتەوە و دەبێتەوە بە برین:

"**لەبی لەعلی شیفا بەخشی برینی دڵ دەکا مەرهەم**

**ئیشارەی چاوی، دەکولێنێتەوە داغی جگەر لە نوێ.**" (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ٣٦٠).

**١١. زاهیر و باتین:** یەکێکن لە ناوەکانی خوا، **((هو الاول والاخر والظاهر والباطن))** (سورة الحديد: ٣)، واتە: ((خودا یەکەمینە و لەسەرەتاوە هەرهەبوە و پێش ئەو هیچ کەس نەبوە، دواهەمینە و کەس دوای ئەو نامێنێت، ئەو زاتە دیارە و هەمو شت بەڵگەیە لەسەر بونی، لەهەمان کاتیشدا نادیارە، بەڵام بە بینایی بیر و هۆش و دڵ و دەرون



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper7

ئاشکرایە)) (امین، ٢٠٠٤: ٥٣٧)، هەروەها دو چەمکی دوالیزمین، ئاماژەن بۆ لایەنی دەرەکی و ناوەکی یان دیار و نادیار، بە لای ئەهلی عیرفانەوە گرنگیدان بەلایەنی ناوەکی خاڵێکی جەوهەرییە و زۆر خۆیان سەرقاڵناکەن بەلایەنی ڕوکاری دەرەوەوە، مەحوی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەوەی لە دەرونیدا کەموکوڕیی هەبێت، ئەوا لە ڕوکاری دەرەوەیدا دەردەکەوێت:

**"لە نەقسی باطِن ئەسەر ئاخری دەبێ ظاهیر**

**لە ئاخرا شەل و شێتی عەقیدە ما جاحیظ."** (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ١٧٥).

**١٢. ڕوسوری و ڕوزەردی:** دو چەمکی تری دوالیزمین، کاتێک بەندە ڕو لە خودا دەکات و خەریکی بەندایەتییە، ئەو کاتە هەست بە ڕوسوری دەکات، بەڵام کاتێک لە فەرمانەکانی لادەدات، ئەو کات بەرەو ڕوزەردی و شەرمەزاری دەبیات، دواتریش لە بەیتی دوەمدا جوانکاریەکی تەواو دەخاتەڕو مانای بەیتی یەکەم جوانتر ڕوندەکاتەوە لە وێنەیەکی ئیستێتیکی بەرزدا دێت دوالیزمێکی تر دروست دەکات، ئەویش ئەوەیە باغەوانەکەی بەناوی سێوەوە ناشتویەتی کەچی ئەو بەهێی گرتوە، خودا داوای ڕوسوری خواپەرستی لێدەوێت، کەچی ئەو بەهێی شەرمەزاری و ڕوزەردی گرتوە:

**"لە ڕووسووری عیبادەت لام و ڕووزەردی خەجاڵەت مام**

**بەناوی سێوی ناوم باغەوان و من بەهێ دەگرم."** (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ٢٦١).

مەحوی لە شوێنێکی تردا حەقیقەتی ژیانی دونیا دەخاتەڕو، لە نێو دو چەمکی دوالیزمی نزیک لە بەیتەکەی پێشوتر، ئەوانیش "**ڕوی سپی و ڕوی ڕەش**" پێیوایە نابێت بە خۆڕازاندنەوە و جوانییەکانی دونیا فریوبخۆیت، چونکە دونیا هەرچەندە بە ڕوسپێتییش خۆی دەربخات، هەر ڕوی ڕەشە، ئەو کاتەش وا خۆی دەردەخات ئەوە فێڵێکی لەژێر سەردایە و دەیەوێت تەفرەت بدات، مەحوی دەڵێت:

**"ئەر لە دونیا چاکەیێ سادر بوو، تەفرەی پێ نەخۆی**

**ڕووسپی هەر ڕووڕەشە گەر بێ صەد ئازایی بکا."** (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ٤٩).

**١٣. ڕۆح و جەسەد:** ((ڕۆح بریتییە لە ژیان، مرۆڤ لە ڕۆح و جەسەد پێکهاتوە، چونکە خودا بۆ یەکتری ڕامیهێناون.)) (قوشەیری، ٢٠١٦، ١٩٨)، ڕۆح و جەسەد دو چەمکی دوالیزمی عیرفانین، عاریفەکان لە پێناو بەرزکردنەوەی لایەنی ڕۆحدا، هەمیشە خەریکی ماندوکردنی جەسەدیان بونە، مەحوی لە "قەسیدەی بەحری نور" باس لە جیاوازی وجودی پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ خەڵکی تر دەکات، کە بەقەد جیاوازی ڕۆح و جەسەدە، چونکە ئەو سێبەری نییە و هی خەڵکی تر سێبەری هەیە، مەحوی بە شێوازی ئیستێتیکی لە چوارچێوەی هونەری دوالیزمدا موعجیزەیەکی پێغەمبەر(د.خ) دەخاتەڕو، دەڵێت:

**"وجوودی ئەو لەگەڵ باقی وجوودان ئەر نیە فەرقی**



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper7

**بەقەد <u>ڕۆح</u> و <u>جەسەد</u>، بێ سێبەری خاریج لە ئیمکانە"** (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ٤٧٥).

**١٤. شار و بیابان:** سارا بە واتای چۆڵی و بیابان و شاریش بەواتای قەرەباڵغی و شار و دێت، کە دو چەمکی عیرفانین و لەم بەیتەدا دوالیزمیان دروستکردوە، ((سارا لە زاراوەی سۆفیدا جیهانی گیانییە، یان پێی دەگوترێت بیابانی گیانی.)) (شوان، ٢٠١٠: ١٧٩)، مەحوی پێیوایە بۆ بەجێهێنانی ئادابی عەشق دەبێت ڕوبکرێتە سارا و بیابان، چونکە ئەو ئەرکە گەورەیە لە شاردا جێبەجێنابێت، دەڵێت:

**"بەجێ نایێ، دەبێ ڕووکەینە <u>سارا</u>**

**حەقی ئادابی مەجنوونی لە <u>شارا</u>."** (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ٤٠).

**١٥. شیرک و تەوحید:** شیرک بە واتای هاوەڵ پەیداکردن بۆ خودا، تەوحیدیش بەمانای یەک خوایی، ((مەبەست لە یەکتاپەرستی، وازهێنان و دورکەوتنەوەیە لەهەر شتێک جگە لە خودا، واتە وابەستەیی حەقیقیت بە خوداوە بێت.)) (شەبستەری، ٢٠١٨ :٤٤٣)، مەحوی دەیەوێت ئیتر دەبێت وازبهێنێت لە داواکاری و پشتبەستن بە غەیری خوا، بەڵکو ڕوبکاتە یەکتاپەرستی، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە مەحوی خۆی بە نزیکترین کەس دادەنێت لە مەعشوقەوە، بۆیە پەنا بۆهیچ کەسێک نابات بۆ ئەوەی بیگەیەنێت بەخودا، مەحوی دەڵێت:

**"(مەحویا) با بەسی بێ <u>شیرکی</u> تەشەببوس بەم و بەو**

**بگرە بەس دامەنی <u>تەوحیدی</u> (قل هو الله احد)."** (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ١٥٢).

**١٦. شەو و ڕۆژ:** دو چەمکی دوالیزمیی عیرفانین، مەحوی بۆ قیامەت و ڕۆژی دوایی شەوی یەڵدای بەکارهێناوە کە تەعبیرە لە درێژی و تاریکی ڕێگا، هەروەها بۆ کورتیی تەمەنیش ڕۆژی عومری بەکارهێناوە کە تەعبیرە لە تەمەنی کورتی خودی مرۆڤ و دونیا، بۆیە بۆ ئەو شەوە تاریک و درێژە پێویستی بە چرایە بۆ ڕوناککردنەوەی ڕێگاکەی، هەروەک مەحوی دەڵێت:

**"برا، فکری چرا کیبریتی فرسەت تا لەدەستایە**

**<u>شەوی</u> یەڵدا لە پێشە، <u>ڕۆژی</u> عومرت وەختە ئاوا بێ."** (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ٣٤١).

**١٧. فەنا و بەقا:** بریتین لە ((بەربونەوە و لێبونەوەی سیفەتە ناپەسەندەکان و ڕاستبونەوەی سیفەتە پەسەندەکان.)) (قوشەیری،٢٠١٦: ١٦٢)، لە دونیای عیرفاندا ڕێبوار تا لە عەشقی خودادا نەگات بە پلەی فەنا و تێیدا نەتوێتەوە، ناتوانێت بەهۆشی خۆیدا بێتەوە و بگات بە پلەی بەقا و مانەوە، مەحوی دەڵێت: بۆیە کەلاوەکۆنی نەمانم کردوە بە پەنا و شوێنی خۆم، بەڵکو لەو ڕێگەیەوە بگەمە ژیانی ڕاستەقینەی هەتا هەتایی، هەروەک دەڵێت:

**"بەڵکە لەو ڕێیەوە من پەیبەمە عیمرانی <u>بەقا</u>**

**(مەحویا) غەیری خەراباتی <u>فەنا</u> نیمە مەلاز."** (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ١٧٢).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper7

**١٨. وەحدەت و كەسرەت:** دو چەمكی دوالیزمی عیرفانین، مەحوی باس لە وەحدانییەت و حەقیقەتی یەكتاپەرستی دەكات و بایەخدان بە هەر شتێک جگە لە خودا ئەو بە كەسرەت و وەهم ناویدەبات، مەحوی بۆ گوزارشت لە گوتارێكی عاریفانە پشتی بە لۆجیک بەستوە، بۆیە هەندێک پێیانوایە"وەحدەت و كەسرەت" دو چەمكی كەلامی و لۆجیكین، ((بەلای عاریفەكانەوە مەبەست لە وەحدەت حەقیقی بونی حەقە، دەركەوتنی زۆرییەكان زۆربونی پلەكانیش كاروبارێكی ئیعتیبارییە و لە غایەتی نوێبونەوەی فەیزی ڕەحمانی بونەوەرەكان دەردەكەون.)) (شوان، ٢٠١٠: ٣٣١)، مەحوی لێرەدا ((پەیڕەوی لە فەلسەفەی "ئیبن عەرەبی" كردوە "الواحد في الكثرة" تاک لەزۆر، كە باوەڕی بە یەكێتییەكی سەرتاپایی هەبوە.)) (شوان، ٢٠٠١: ٤٥١)، مەحوی دەڵێت: لە یەكێتی بەولاوە هیچ لەم جیهانەدا نییە و غەیری وەحدەت كەسرەت هەیە، ئەویش وەهمە و تەنها دوبارەكردنەوەی ژمارە یەكە، بە ژمارەكردن و دوبارەكردنەوەی ئەو ژمارە، زۆر بوە، هەروەک دەڵێت:

"**غەیری <u>وەحدەت</u> لە وجوودا نییە، <u>كەسرەت</u> وەهمە**

**سادە تەكراری یەكە، مەنشەئی ئەوهامی عەدەد.**" (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ١٥١).

**١٩. هۆشیاری و مەستی:** چەمكی هۆشیاری مەبەست لێی هۆشیاربونەوە و بەئاگاهاتنەوەیە لە پاش بێئاگایی و مەستی، بریتییە لە ((گەڕانەوە بۆ هەستكردن لە دوای ونبون، ونبونێكە بەهۆی هاتویەكی بەهێزەوە ڕودەدات.)) (قوشەیری، ٢٠١٦: ل١٦٩)، مەحوی لەم بەیتەدا هەردو چەمكی هۆشیاری و مەستیی بەكارهێناوە، كە دوالیزمی یەكترن و باس لە حوكمی نیگای یار دەكات، لەو كاتەی كە دەردەكەوێت كەسە هۆشیارەكان لەو چوار دەورە نامێنن و هەموان مەست و بێهۆش دەكەون.

"**لەبەر حوكمی نیگایا قاتە <u>هۆشیار</u>**

**هەتا چاوی بكا بڕ، مەستە هەر <u>مەست</u>.**" (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ١٠٧).

**٢٠. هیجر و وەسڵ:** هیجر بریتییە لە دابڕان و دوركەوتنەوە و كۆچكردن، وەسڵیش بریتییە لە ((پەیوەندیكردن و گەیشتن بە دولبەر لە دوای دابڕان كە چێژێكە لە وەسفكردن نایەت.)) (شوان، ٢٠١٠: ٣٣٦)، شاعیر هەر لەو بەیتەدا دو چەمكی تری دوالیزمی بەكارهێناوە، كە ئەوانیش"نار و جەننەت"ن كە چەمكە دو چەمكی دوالیزمین، مەحوی ئازاری دابڕان بە دۆزەخ ناودەبات و چێژی بەیەكگەیشتنیش بە بەهەشت دەچوێنێت، هەروەک دەڵێت:

"**تێدەگا هەركەس بكا فەهمی ڕوموزی مەعنەوی**

**<u>هیجر</u> و <u>وەسڵە</u> نار و جەننەی ئایەتی (لایستوی).**" (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ٣٦٠).

**٢١. هەلهەلە و وەلوەلە:** هەلهەلە بۆ كاتی خۆشی و شادییە، وەلوەلەش بۆ گریان و ناخۆشییە، مەحوی مەحوی لە بەكارهێنانی دو چەمكی دوالیزمیدا بێبایەخیی دونیا و دەخاتەڕو، بەوەی ئەو كەسەی دەسەڵاتدارە و خەڵكی بەدەوریدا كۆبونەتەوە و هەلهەلەی خۆشیی بۆ لێدەدەن، سبەی كۆتایی بە ژیانی دێت، ئینجا بەدەوری تەرمەكەیدا



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper7

شین و زاری دەکەن، دواتریش دو چەمکی تری دوالیزمی بەکارهێناوە ئەوانیش "تەخت و نەعش"ە، تەخت بۆ پادشایی، نەعشیش ئەو تەختەیەیە مردوی لەسەر دەشۆرردرێت:

**"ئەوی ئەمرۆ بە دەوری تەختیایە هەلهەلەی مەخلووق**

**لە دەوری نەعشیا سبحەی دەبینی وەلوەلەی مەخلووق."** (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ٢٢١).

**٢٢. یەقین و شک:** ((ئەگەر یەقین گەیشتە دڵ ئەوا دڵ پڕ دەبێت لە نور و هەمو شک و گومانێکی تێدا دەڕەوێتەوە.)) (قوشەیری، ٢٠١٦: ٣٣٧)، یەقینیش سێ پلەی هەیە "علم الیقین، عین الیقین، حق الیقین". ئەم دو چەمکە پێکەوە کۆنابنەوە، چونکە کاتێک یەقین هەبێت گومان نامێنێت، گومانیش هەبێت یەقین دروستنابێت، ئیسپات بونی ئاشتی یار و تۆرانی مەحوی لە ناپایەداریدا وەکو یەک وان و گەیشتۆتە یەقین، کەواتە ئەم یەقینە بوەتە جێگەی گومان و نازانرێت ئاخۆ ڕاستە یان نا؟

**"ئاشتی تۆ، تۆری من، بۆ بێ ثەباتی هەردوو یەک**

**گەیوەتە حەدی یەقین، ئەم دوو یەقینەن هەردوو شەک."** (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ: ٢٣٦).

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەو ئەنجامەی کە:

١. دوالیزم لە دونیای ئەدەبیاتدا ڕۆڵ و پێگەی گرنگی خۆی هەیە، لە دەقی ئەدەبیدا وەک بونیادێکی ئیستێتیکی مامەڵە لەگەڵ چەمکە دوالیزمەکاندا کراوە، لەگەڵ ئەوەی وشە و واتاکانیش پێچەوانەن، بەڵام خاڵی یەکتر ڕونکردنەوەن و جگە لەوەی واتای نوێ دەبەخشن، لە هەمان کاتیشدا وەکو ئیستێتیکی و بونیادی هونەریی دەق لە تەواوی ژانرەکاندا سەیردەکرێن.

٢. بە خوێندنەوەی دەقە شیعرە کوردییەکانی مەحوی لە ڕوانگەی دوالیزم و ئەو وێنە هونەرییانەی لەو دەقانەدا بەرهەمهاتون، توانا و بەرزیی ئاستی زمانی دەقی شیعریی مەحوی و ئیستێتیکی دوالیزمی دەردەخات لە بەیتە شیعرەکانیدا، دواجاریش هەر ئەو دەقانەن چێژی هونەری بە خوێنەر دەبەخشن.

٣. مەحوی لە زۆرێک لە بەیتە شیعرەکانیدا جگە لە پیشاندانی هونەری ڕەوانبێژی بەتایبەتی دوالیزم، هاوکات بەیتە شیعری وای هەیە دو بنەما هەندێکجار سێ بنەمای دوالیزمیی بەکارهێناوە.

٤. دوالیزم لە زمانی عیرفاندا یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارە بەرجەستەکان، لە ئەنجامی کارکردنیش لە شیعرە کوردییە دوالیزمە عیرفانییەکانی مەحوی، گەیشتین بە ئاشنابونی زمانە خودی و ئەزمونە تایبەتییە عیرفانییەکەی شاعیر، گرنگترین دوالیزمی عیرفانی بەکارهاتوش بریتین لە "وەحدەت و کەسرەت، تەوحید و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper7

شیرک، فەنا و بەقا، دونیا و قیامەت، حەق و ناحەق، هۆشیاری و مەستی، شار و بیابان، هیجر و وەسڵ، نار و جەننەت، دەرد و دەوا، ئاو و ئاگر، مەرگ و ژیان، پیری و جوانی... تاد".

٥. ئەو چەمکە عیرفانییانەی کە مەحوی بەکاریهێناون لە دیوانە شیعرییەکەی، بەتایبەتی شیعرە کوردییەکانی کە ئەم توێژینەوەیە پشتی پێبەستوە لەهەمان کاتیشدا چەمکی دوالیزمین لەسەر بنەمای هونەری ڕەوانبێژی دروستبون.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper7

# Mystic dualism in the poetry of Mahwi

**Mariwan Husen Farhan[1] - Awat Nadir Abdulkarim[2]**

[1+2]Kurdish Department, College of language, University of Charmo, Chamchamal, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

Dualism is the difference between the contradictions. Dualism is one of the prominent characteristics of Mahwi's mystic poems. This comes from the experience and the deep outcomes of the psycho journey of this Arif within materialism to reach the truth. In the consequence of evaluating the basics of dualism and paradox of Mahwi, the reader will achieve to the practical mystic's truth of this arif. The aim of the study is reaching the real results concern to the prove of mystic's idea and demonstrating the highest level of mystic's school of Mahwi and also focusing on the knowledge and his worldview of Mahwi in term of mystic's dualism. Then, illustrating the capability and highest level of textual language of Mahwi's poems in the dimension of art view of poetical texts in general and dualistic aesthetic in particular that he produced in his poems. The interesting point which is even a question for the researchers is that what are the prominent used dualisms in Mahwis' poems? The used method of this research is (descriptive- analysis) which is based on the used data of the research.

**Keywords**: Mahwi's Kurdish Poems, Mystical Dualism, Mystical Language, Rhetorical Aptitudes.

**سەرچاوەكان:**



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper7**

ئیسماعیل زادە، ئیسماعیل، **فەرهەنگی فەلسەفە**،

ئینزامی، حەمید. و: فاتیمە محمد زەڵمی (٢٠١٨)، **خۆناسی عیرفانی و خواناسی عیرفانی**، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

امین، بورهان محمد (٢٠٠٤)، **تەفسیری ئاسان**، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ڕۆشنبیر، سلێمانی.

حمد، عبدالله خضر (٢٠١٨)، **دیوانی مەحوی، لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەری**، چاپی چوارەم، چاپخانەی تەفسیر، هەولێر.

خەزنەدار، مارف (٢٠٠١)، **شیعری مەحوی لە نێوان سۆفیزم و دەروێشیزمدا**، ڤیستیڤاڵی شاعیری گەورەی کورد مەحوی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

خۆشناو، هێمن عومەر (٢٠١٦)، **هێرمینۆتیکای شیعری سۆفییانەی مەحوی**، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

سەیید ئەدهەم، حسێن (٢٠١٨)، **کوفری شیرین دەربارەی تەسەووف و عیرفان**، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

شکار، سەبور عەبدولکەریم (٢٠٠٩)، **ڕەنگدانەوەی کەسێتی و دونیابینی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا بەتایبەت لای مەحوی و حافزی شیرازی**، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

شوان، ابراهیم احمد (٢٠٢١)، **شیعری سۆفیانە لە ئەدەبی کۆنی کوردیدا**، چاپخانەی تەفسیر، هەولێر.

شوان، ئیبراهیم ئەحمەد (٢٠٠١)، **سۆفیگەری، شیعری ئایینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا**، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان. هەولێر

شوان، ئیبراهیم ئەحمەد (٢٠١٠)، **فەرهەنگی سۆفیانەی دیوانی جزیری و مەحوی**، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

شێخ حسێن، کازم (٢٠١٨)، **جوانیناسیی عیرفانی لە شیعرەکانی شێخ نوورەددینی بریفکانی دا**، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

شەبستەری، شێخ مەحمود. و: د.صباح بەرزنجی (٢٠١٨). **شەرحی گوڵشەنی ڕاز**، چاپخانەی تەفسیر، هەولێر

عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠١٣)، **کۆوانەکانی ڕەوانبێژی**، چاپخانەی منارە، هەولێر.

فەقێ سلێمان، هەژار (٢٠٢٠)، **ڕوونبێژی لە شیعری مەحویدا**، چاپی٢، چاپخانەی خاک، کەلار.

قوشەیری، ئیمام عبدالکریم. و: عبدالکریم فتاح (٢٠١٦)، **ریسالەی قوشەیری لە زانستی تەصەووفدا**، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

گەردی، عەزیز (١٩٧٠)، **ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا**، بەرگی ١، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر.

گەردی، عەزیز (١٩٧٥)، **ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا**، بەرگی٢، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر.

گەردی، موحسین ئەحمەد مصطفی (٢٠١٣)، **بەهاری ڕەوانبێژی**، چاپخانەی نارین، هەولێر

مدرس و مەلا کریم، مەلا عبدالکریم، محمد (١٣٨١هـ)، **دیوانی مەحوی**، چاپی٧، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە.

موکریانی، گیو (٢٠١٧)، **نۆبەرە**، چ٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

نادر، یاسین (٢٠١٩)، **چەمکێک لە عیرفانی مەولانای ڕۆمی**، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper7

الرازي، زين الدين أبو عبدالله محمد بن أبي بكر بن عبدالقادر الحنفي. المحقق: يوسف الشيخ محمد (١٩٩٩)، **مختار الصحاح**، الطبعة الخامسة، المكتبةالعصرية– الدار النموذجية، بيروت.

الزبيدي، محمد مرتضى الحسيني (١٩٦٥)، **تاج العروس من جواهر القاموس**، ج١٩، مطبعةالكويت، الكويت.

الفارابي، أبو نصر اسماعيل بنى حماد الجوهري. تحقيق: أحمد عبدالغفور عطار (١٩٨٧)، **الصحاح في اللغة**، الطبعة الرابعة، دار العلوم للملايين، بيروت.

الفني، عبدالمنعم (١٩٨٠)، **معجم مصطلحات الصوفية**، دار السيرة، بيروت.

القاشاني، الشيخ عبدالرزاق (٢٠١٢)، **اصطلاحات الصوفية**، دار الكتب العلمية، بيروت.

آبادى و كزازى، سعيد سبزيان مراد، مير جلال الدين (١٣٨٨ هـ)، **فرهنگ نظريه ونقد ادبى، واژگان ادبيات حوزەهاى وابسته**، انتشارات مرواريد، تهران

چنارى، ئەمير (١٣٧٤هـ)، **متناقض نمايى در شيعر فارسى**، موسسه نشر فرزان روز، تهران.

زينلى، سهيلا (١٣٩٥هـ)، **از فرهنگ اصطلحات عرفانى گلشن راز**، ناشرسفير اردهال، تهران.

رفيع، عبدالرفيع حقيقت (١٣٧٥هـ)، **تاريخ عرفان و عرفان ايرانى**، چاپ سوم، انتشارات احمدى، تهران.

سجادى، سيد جعفر (١٣٧٨هـ)، **فرهنگ اصطلاحات وتعبيرات عرفانى**، چاپ چهارەم، چاپ افست گلشن، تهران.

سعيدى، گل بابا (١٣٨٤هـ)، **فرهنگ اصطلاحات عرفانى ابن عربى**، چاپ دوو، انتشارات شفيعى، تهران.

شفيع كدكنى، محمد رضا (١٣٩٢هـ)، **زوبان شعر در نثر صوفيه**، انتشارات سخن، تهران.

عطار، على موحديان (١٣٨٨هـ)، **مفهوم عرفان**، انتشارات دانشگاه اديان و مذاهب، تهران.

معين، محمد (١٣٨٥هـ)، **فرهنگ فارسى** معين، ناشر معين، تهران.

عبدالرحمن، لەۆن قادر (٢٠١٣) **دوالیزمی دژیەک لە هۆنراوە لیریکییەکانی مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزی دا**، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

ئیبراهیم، ئیبراهیم، سەرکەوت عومەر. زانیار زیاد (٢٠٢١)، **دوالیزمی شوێن لە دەقە شیعرییەکانی (لەتیف هەڵمەت) دا**، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین. ژمارە ٣.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper7